# دوایین ڕۆشنبیری ئەورووپایی

موراد فەرهادپوور/ و: پەیمان عەلیپوور

نیازم وایە وێنەیەکی گرافیکی لە واڵتەر بنیامین بخەمەڕوو [ئەویش] بە شێوەیەکی گشتی و لەڕێگەی چەندجوڵەیەکەوە، هەرچەند  لە شێوەکاریدا پسپۆڕایەتیم نیە؛ کەوایە لەسەر دوو خاڵان جەختدەکەمەوە؛ سەرەتا باسی کەلێن و دابڕاوێتی و دواییش باسی چەمکی ژێست وا دۆخی گرافیکی و فۆرمگرتوویی[1] و"بە دەرەوەییکردن" یان جۆرێک «بە ئۆبێکتکردن»[2] دەکەم . لە مەڕ خاڵی یەکەمەوە دەبێ پێتان بڵێم کە ڕووخساری جۆراوجۆر لە بنیامین بەدی دەکەین و گومانی تێدانیە کە هەر کەس دەتوانێت یەکێک لەوانە زەقبکاتەوە: تیۆلۆژیکوانێکی[3] زمانی، کە خەریکی دەقە کۆنەکانی جوولەکەیە، ڕەخنەگرێکی مارکسیستی کە مشتومڕ لەسەر کەلتوری سەرمایەداریی دوایین دەکات، ڕەخنەگرێکی ئەدەبی کە لە تەنیشت برێخت خۆی بە گەورەترین ڕەخنەگری ئەڵمانیایی سەردەمی خۆی دەزانێت، کۆمۆنیستێک کە دەیهەوێ دژ بە فاشیزم خەبات بکات و ...هتد، دەتوانرێت ئەم ڕووخسارانە لەیەکتردا پوختبکرێنەوە هەتاکو بگەینە تاکە بنیامینێک، بەڵام ئەم کارە بە ڕای من هەوڵدانێکی لە خۆڕاییە، لەبەرئەوەی لەڕاستیدا، لە بەرهەمەکان و

[1] شکل‌یافتگی
[2] عینی کردن
[3] متاله

ژیانی بنیامیندا، ئەوەندە ئەم پەرشوبلاوییە و لەتوکوتبوونە زۆرە، کە ڕێگە نادات هەتاکوو ئەم سەنتێزە درووست ببێت. ڕێگایەکی دیکە ئەوەیە کە لەگەڵ فرەبوونێک لە بنیامین ڕووبەڕوو ببینەوە، بێ ئەوەی کە مەبەستی ئەوەمان هەبێت کە پەیوەندییەکەیان لەگەڵ یەک دیاری بکەین و زۆر دڵخوازانە دانەیەک لەوانە بەگوێرەی حەز و سەلیقە هەڵببژێرین: جا چ بنیامینی ئەدەبی یان سیاسی یان ئیلاهیاتی یان فەلسەفی یان تێکەڵاوێکی بەتامولەزەت و سۆپرمارکێتیانەمان لە هەموویان هەبێت. بەڵام میتۆدێکی دیکە ئەوەیە کە لەڕاستیدا لەسەر کەلێنەکان و چەمکی سیستمی گەلەئەستێرەیی[١] جەخت بکەینەوە و بڵێین لەنێوان ڕووخسارە جۆراوجۆرەکانی بنیامیندا وێکچوونێکی[٢] بۆدلێری لەئارادایە و نیشانی بدەین ئایدیاگەلێک بوونی هەیە کە لەلایەکەوە لە بنیامینی سەدەی نۆزدەیەمی و کاریگەر بە کانت دەدۆزرێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە لە ڕەخنەی مۆدێرنیستیانەی ئەو و فەرەبوونی میکانیکی بەرهەمی هونەریدا دەستدەکەوێت.

لەڕاستیدا ئەو شتەی کە لە بنیامنیدا سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە کە بنیامین هەر وەک یاری پارچەوێنە[٣] وایە، کە لەتوکوتەکانی ناچنە تەنیشت یەکترەوە وهەمیشە فەزایەکی بەتاڵ و لێوارە دداندارەکان بەجێ دەمێنەوە، کە کیپی یەکتر نابن و لەڕاستیدا ئەم کەلێنەی نێوان سەروبەندە جۆراوجۆرەکانی کارکردن و حەزەکانی ئەو و ئەمرووخسارانەی لە خۆی دەریخستوون، بۆتە هۆی ئەوەی بنیامین هەر بەو چەشنەی  کە ناونراوە، وەکو «دوایین ڕۆشنبیری ئەورووپایی» سەرنجڕاکێش بێت؛ لە حاڵێکدا بە ڕای من ئەو نوێنەری زیندووی چەمکی "سوبێکت"ە، یانی سوبێکتێک کە لە جەوهەری خۆیدا پارچە پارچەیە، و لەڕاستیدا ئۆبێکتێکە لەتوکوت، کە هیچ کات ناتوانرێت بە سەنتێز بکرێت، مەگەر سەنتێزێک وێڕای کەلێن، بۆشایی، نارێکبوون و لەڕووخسارێکەوە بۆ ڕووخسارێکی دیکە چوون، ڕوودات. سەرنجڕاکێشیی بنیامین بەچاوپۆشیکردن لەو سەرنجپێدانەی کە لە نەوەدەکان لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە ئەکادیمییەکانەوە کرایە سەری، هەرلەو لەتوکوتبوون و خولانەوە لەنێوان ئەم کەلێنانەدایە. بنیامین بەدواداچوون بۆ ئەم جۆرە کەلێنە دەکات لە پەیوەستبوونی لەگەڵ چەمکی زماندا و هەر لێرەوەشە کە دەتوانرێت نزیکایەتیەکەی بنیامین بە

---

[١] منظومەفلکی
[٢] تناظر
[٣] jigsaw puzzle . جۆرە یارییەکی فیکریە، کە لە ژمارەیەک پارچەی مقەوایی یان پەلاستیکی پێکهاتووە کە خاوەنی فۆرمێکی ڕێکوپێکن؛ کاتێک ئەم پارچانە بەشێوەی گونجاو لەتەنیشت یەکتر دابندرێن، وێنەیەکی تایبەت درووست دەبێت.[وەرگێڕ]

دەروونشیکاری و تیۆری زمانی لاکان لەبارەی سوبێکتەوە، واتا پارچەپارچەبوونی سوبێکت لە پەیوەستبوون بە زمانەوە، بدۆزرێتەوە .

خاڵی دووهەم لەبارەی بنیامینەوە کە بۆ من سەرنجڕاکێشە و زایەڵەیەکی لاکانی لە ئەودا بەدیدەکرێت، ئەوەیە کە بنیامین مرۆڤێکە کە هەموو شتێک هەڵدەڕێژێتە دەرەوە، واتا لەمەڕ بنیامینەوە، سەروبەندە فیکرییەکان و ئەو حەزانەی کە ڕەنگە زۆر لەگەڵ یەک نەیەنەوە، وەک مارکسیزم و ئیلاهیات و حەزە ئیستاتیکییەکان و سەرنجدان بە ئۆبێکتیڤیزمی کەلتوری و ....هتد، دەرەکی و دەرەوەیین. پەیوەندیی ئەو بە ئیلاهیاتەوە لەچوارچێوەی پەیوەندییەکەی لەگەڵ "شۆلێم"دا دێتەدەرەوە، پەیوەندیی ئەو بە ڕەخنەی نائاشکرایانەی[1] مارکسیستیەوە لە پەیوەندیی ئەو لەگەڵ برێختدا دێتەدەرەوە، پەیوەندیی ئەو بە دیالەکتیک و درێژەدان بە کانت بۆ نەخشاندنی وێنەی تێگەیشتنێکی نوێ بۆ ئەزموون بەشێوەیەکی ماتریالیستی بەچەشنێک کە سنوردارییە ئایدیالیستییەکانی نەبێت، لە پەیوەندیی ئەو لەگەڵ ئەدۆرنۆ دێتەدەرەوە؛ واتا ئەو مرۆڤێکە کە بەردەوام خەریکی بە دەرەوەکردنی خۆی و جۆرێک کێشمەکێش لەگەڵ «ئەویدی»یەک دایە. دەتواندرێت ئەم «ئەویدی بوونێتیە»[2] بەباشی لەودا بەدیبکرێت. ئەو کەسێک نیە کە جیهان بگرێت و لە خۆیدا کەڵەکەی بکات، بەڵکو ناوخۆییترین ئایدیاکان و بیرەکانی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکان و هاوڕێیەتییە دەرەوەییەکاندا خۆی نیشاندەدات، نەک لە چوارچێوەی چەمکە سەیروسەمەرە سیحراوییەکاندا، بەڵکو هزرەکانی ئەو لە چوارچێوەی جۆرێک لە ئەکت یان ئەو شتەی کە برێخت پێیدەڵێت«ژێست»، ئاشکرا دەبێت. فەلسەفەی بنیامین بە تەواوی فەلسەفەی ژێستە. ئەو، شانۆی حیماسی برێختیشی بۆیە خۆشدەوێت، کە سەرلەبەری ئایدیاکان و کێشمەکێشەکانی لەچوارچێوەی کۆمەڵێک ژێستی دراماتیک و پەیوەندیی هاوڕێیانە و کێشمەکێش لەگەڵ ئەوانیدیکەدا خۆی نیشاندەدات؛ ئەم ئەویدییانەی کە هیچکات کۆتاییان پێ نایەت. ئەو هیچ کات قسەی شۆلێم کە ئەورووپا بەجێ بێڵێت و کۆچبکاتە ئۆرشەلیم، قبوڵناکات یان ئەوەندە ساوەساو[3] دەکات کە ناتوانێت بانگهێشتنامەی ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمێر بۆ سەفەرکردن بۆ ئەمەریکا قبوڵبکات. دەکرێت لە پەیوەندیی ئەو لەگەڵ برێختیشدا ئەو دووفاقێتییە بەدیبکرێت، واتا ئەو لە هیچکام

---

[1] نقد کنایی
[2] دیگربودگی
[3] تعلل

لەم هاوڕێیەتیانەدا ناتوێتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات کە پارچەیەک لە خۆی لەچوارچێوەی ئەم هاوڕێیەتیە، ئەم ژێستە یان ئەم درامایە (جا چ لە دەمەقاڵەکرن لەگەڵ ئەدۆرنۆ ، شۆلێم یان برێختدا) بهێڵێتەوە. لەم دۆخەدا، دەرەوەییبوونیش زایەڵەیەکی لاکانییە. واتا ئەو مرۆڤێکە، کە لە بواری زماندا لەڕێگەی ژێستگرتن لە بەرامبەر ئەویدیدا، خۆی درووستدەکات. بەم پێیە لە سەرەتاوە کەلێنێک لە خۆیدا سازدەبێت، بەم هۆیەوەیە کە پێ لە پانتاییێکی دەرەوەیی (ئەویدی بوونێتی) دەنێت. ئامادەبوونی بنیامین لە بوارە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفە، ئیلاهیات، ڕەخنەی ئەدەبی، مارکسیزم و ڕەخنەی هونەریدا، وێڕای شکستێک و ئەزموونکردنی ئەم شکستە و درێژەی ئەم شکستەوە بووە؛ لەبەرئەوەی کە هیچکام لەم پەیوەندیانە سەرکەوتوانە نەبوو و نەیتوانی وەڵامی هیچکام لەم بانگهێشتنامانە بداتەوە. ئەو نە لە ئەکادیمیا شوێنێکی بۆ دەستەبەربوو، نە لەنێو خەباتکارانی مارکسیستدا و نە لەنێو سوریالیستەکانی پاریس لەلای باتای و ئەوانیدیکەشدا. وا بەدیدەکرێت کە ئەم شکستهێنانە مەرجی یەکەمینی ئەو بووە بۆ هاتنە ناو پەیوەندی و ژێستەکەی خۆی؛ ژێستێک کە لە ئەوپەری خۆیدا بنیامین وەکو ڕووخسارێکی شکستپێهاتوو لە تەنیشت کافکا دا، لای ئێمە سەرنجڕاکێشدەکات.

تێبینی:

١. ئەم دەقە، سەرەتا وەکو لێدوان لەلایەن «فەرهادپوور»ەوە پێشکەشکراوە و دواتر خراوەتە سەر کاغەز و لە ڕۆژنامەی «ئیعتماد»دا بڵاو کراوەتەوە.

0. ئەم ناونشانە لەلایەن وەرگێڕەوە دەستنیشانکراوە.

1.

سەرچاوە:

آخرین روشنفکر اروپایی یان سوژه تکەپارە- مراد فرهادپور- روزنامه اعتماد- ١٨ جولای ٢٠١٢- ژماره ٢٤٤٦- صفحه١٢